## بەناوی خوای بەخشندە و میهرەبان

## هەرێمی کوردستانی عێراق

## سەرۆکایەتی هەرێم

## سەرۆك

## بەناوی گەلەوە

## بڕیار

## ژمارە ( ١٠ ) ساڵی ٢٠١٠

بەپێی ئەو دەسەلاتەی لەبڕگەی (١)ی ماددەی (١٠)ی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان – عێراق ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە و ، بە پاڵپشتی ئەو یاساکارییەی پەرلەمانی کوردستان – عێراق کردویەتی لە دانیشتنی ژمارە (١٥) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ بڕیارماندا بەدەرکردنی :

## بڕیاری ژمارە ( ١ )ی ساڵی ٢٠١٠ی

## پەرلەمانی کوردستان - عێراق

پشت بەحوکمەکانی بڕگەی (١) لەماددەی (٥٦) لە یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و بەپێی ئەوەش کە لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە(١٥)ی رۆژی ٢٠١٠/٦/٢٠ی پەرلەمانی کوردستان – عێراق بڕیارماندا بە :-

یەکەم : ڕەتکردنەوەی پێشنیاری یاسای ( دەستەی پێوەر و کۆنترۆڵی جۆری لە هەرێمی کوردستان ).

دووەم :ئەم بڕیارە لە رۆژی وەرگرتنیەوە (تبنیە) لە ٢٠١٠/٦/٢٠ کاری پێ دەکرێ و لە رۆژنامەی فەرمی (وەقائعی کوردستان)دا بلاو دەکرێتەوە .

مسعود بارزانی

سەرۆکی هەرێمی کوردستان - عێراق

هەولێر

٨/ تەممووزی /٢٠١٠ی زایینی

١٧/ پوشپەڕ / ٢٧١٠ی کوردی

٢٦/ رجب / ١٤٣١ی کۆچی

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان لە سایتی وەزارەتی دادwww.archivebeta.sakhrit.com